


Preview sample - page 1 of 7 - Soran University Academic Digital Library



وەزارەتی رۆشنبیری
بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی چاپ و بڵاوکردنەوە

- ناوی کتێب : ٣١نامەی ئ. دڵزار بۆ ا .ئ دڵزار.
- نووسینی: ئازاد دڵزار.
- چاپ: یەکەم (٢٠٠٧)
- سەرپەرشتی چاپ: فازل عەلی - عیماد مستەفا.
- پیت چنین: عەبدولڕەحمان میران.
- کۆمپیوتەری یەکێتی نووسەرانی کورد/ هەولێر.
- نەخشەسازی بەرگ : شێروان فاروق.
- دیزاین ناوەرۆک: سەید ئارام.
- لەکتێبخانەی گشتی هەولێر ژمارەی سپاردنی (٣٧٨) ساڵی ٢٠٠٧ دراوەتێ
- چاپ : بەڕێوەبەرایەتیی چاپخانەی رۆشنبیری/ هەولێر
- تیراژ: ١٠٠٠ دانە
- بە: ٦٥٠٠دینارە

Preview sample - page 2 of 7 - Soran University Academic Digital Library

پێشەکی

کۆمەڵە کاغەزێکی پەرش‌و بلاوو گەچلاو، هەموویانم ناخنیوەتە ناو چەند جانتایەکی بچووکی کۆنەو بێ کەلکەوە. رۆژێکیان ویستم ڕێکیان بخەم‌و بەسەریان بکەمەوەو هەندێکیشیان هەر بۆ یەکجاری لەکۆڵەخۆم بکەمەوە، ئەوە جگە لە بۆڵەبۆڵی- جوان- ێ کە گوایا لەجیاتی گۆشەو کەلێنەکانی مالێ بەهینجانە گوڵو شمەکی جوان‌و ناسك برازێنمەوە کەچی من بەکاغەزو کتێب‌و پەڕی لارو خوار کرێتم کردوون.

ئەوجا بەر لەهەموشتێ تێکڕای ئەو کۆنە جەزنە پیرۆزانەو داوەتنامەی بووك‌و زاوایان‌و بانگهێشتنی کۆڕو کۆبوونەوەی ئەدیبانم لەلایەکدا کۆکردنەوە بەو نیازەی کە هەر بەبێ دوودڵی ئەمانە دەفەوتێنم، بەڵام کە لەهەندێکیان وردبوومەوە یادەوەری جوانیان لەلا وروژاندم، بۆیە لەسوتاندنیان پەشیمان بوومەوە.

دواتر نامەیەکی (أ. دلزار)ی باوکم بەدەستمەوە هات، ئەو نامەیە[1] هەر چەندە لەسەرەتای سالانی نەوەدەکانەوە نووسراوە، بەڵام تیشك‌و تیرێژەکانی تا

Preview sample - page 3 of 7 - Soran University Academic Digital Library

رۆژگـارە تاریکـەکانی سـاڵی ١٩٦٢ بڕدەکـەن. بـەدیار ئـەو نامەیـەوە خـەیاڵ بردمیـەوە بۆ ئەو رۆژگارانەی کە تازە لاوبووم، هەرچەندە رۆژە ڕەش بوون، بـەڵام نازانم بۆ ئەوساکە لەبەر چاومدا هەتاو ڕووناکتر ئاسمان شین تـر ئەستێرەکان ورشەدارتربوون؟) گوڵ بەبۆنتر نان بەتام تر دڵ بەخورپـەتر مـەیل گـەرمتر خزم و برادەر و هاوسێ تێکەڵاوتربوون؟. لەو ولاتە بەهەشـت ئاسـایەی خۆمانـدا سەردەمێك لەچیای ناوەگردو سەفین و گوندی ئاقوبانێ لەتـەك باوکمـدا بـووم، لەئاوی لولەی زایەران و سماقوولێ گەلی تێندەکەوتین و ڕاوەماسیمان دەکـرد. ئـەو دەمانەی مانگان لەگوندی- سکتان- بوو، دایکم لەسەر شینگو تاقـەت بـوو لە سەراوی ژنانەوە بە کوندەی ئاوی بـۆ مـاڵێ دەکێـشا، بـۆ بـاراش لێکردنـێ دەچوومە ئاشەئاوەکانی (جەلی)، لەگەڵ (وریـای مـام قـادری کاروانـچی)[٢] دا دەچووینە داران (لەتاتوکی و چیای هەورێ) بەفر لـە گـۆڕێ بـوو، سـەرما وەك گـوێزان دەیـبڕی، گـەمارۆی ئـابووری ئاوقـەدی خـەڵکی باریـك کردبـوو، لەبەیانییێکی ساردو سایەقەدا بینـیم لـەبن سـوانەی مـاڵێ (کێخـوا حمـەدی کێخوا مستەفای سکتان)دا سێ چوار تاژی مل بەقەرێتـەی گـوێ بەڕیـشۆڵەی زۆر جوان هێلکەو ڕۆنێکی زۆریان لەبەربوو خێراخێرا لموزیان تێ دەژەنی و هـەڵم لەدەم و دەفنیان دەردەچوو، دیاربوو- عەباساغای سەرکەپکان- و ئـەنوەر بـەگی بێتواتە-ی بەدەستەیەك سوارو دەسـتوپێوەندو تـاژی و تولـەوە لـەماڵی ئـەوان دابەزی بوون.

دوای ئەوەی داچڵەکیم و زریزەی ئـەو یادەوەریـیـە تـاڵو شـیرینانە لەزەینـمدا پچڕان، یەکسـەر کەوتمە گەڕان بەدوای نامەکاندا پتر لە سەد نامـەی هەمـەڕەنگم

دۆزینەوە لەناویاندا (٣١) سی‌ویەك نامەی (أ. دلزار) بوون کە هەندێکیان نامەی تەدیبانەی زۆرجوان‌و پربایەخ بوون، لەئەدەبیاتی هەموو دنیادا لایەنێکی گرینگ بۆ هونەری نامەنووسین رەچاوکراوە، بۆیە یەکسەر بەبیرمدا هات لەگۆواری یان لەتۆی بەرگێکدا چاپیان بکەم‌و بیانخەمە بەردەست، چونکە دڵنیام رۆژێك لەرۆژان بەکەڵکی تۆژەرەوان دێن. هەندێ لەو نامانە باس لەمێژوو، سیاسەت‌و بەرخۆدان‌و دۆستایەتی‌و سروشت‌و ئاسەوارو، کتێب‌و زۆر لایەنی تری زیندووی ژیان دەکەن، جگە لەوەی رۆشنایش دەخەنە سەر لایەنێکی ژیان‌و گوزەرانی مامڵاتی ئێمە لە دوادەیەی چەرخی ڕابردوودا، هەروەها دەری دەخەن کە ئێمە چۆن خانوو مامڵی خۆمان پێکەوەناوەو پێشتر چۆنمان گوزەراندووە. ئێمە کە حەوت سەرخێزان بووین سیانمان لەدەست زوڵم‌و زۆرداری (بەعسی)یان پەرتەوازەی هەندەران ببوون‌و چواریشمان لەوڵاتدا بندەستی هەمان دوژمن بووین. ژیان زۆر بەسەختی بەڕێوەدەچوو، ئەوسا تەنیا من موچەیەکم هەبوو[٣] موعەلیم بووم، دایکم دەردەدڵی بوو، شیرین لەمامڵێ دانیشتبوو ئاواز قوتابی بوو. لەسامڵی ١٩٧٩وە باوکم کە دواجار ڕێگای شاخی گرتەبەر هەوادڵێکی نەبوو، تەنیا دایکم نەبێ سامڵی ١٩٨٢ دوای بەربوونمان لەبەندیخانە لەگەڵ پلکە حەکیمەم لە بارزان سەردانیان کردبوو، لە سۆفیای پایتەختی بولگارستانیشەوە کە سامڵی ١٩٨٥ ئاوات‌و ئامانجی برام لەرووسیاوە سەردانیان کردبوو لەنامەیەکی ئامانجی برامدا دوو دێڕە شیعری بەخەتی خۆی بۆ نووسی بووین، ئەوە هەموو پەیوەندییەکانی نیوانمان بوون تا دوای ڕاپەڕینەکە یەکەم نامەیم بەدەست گەیشت کە وەرامی نامەیەکی منەو لێرەدا

Preview sample - page 5 of 7 - Soran University Academic Digital Library

تۆمارکراوە، یەکەم جاریش [illegible] ساتەوەو یەکترمان دیتەوە ساڵی ١٩٩٣ بوو
ئەوسا چواردە ساڵی ڕەبەق لەجوانترین ساڵەکانی تەمەن گوزەشتبوو!.

لەو چواردە ساڵە پڕ لەمەینەتییەدا ساڵێکو سێ مانگان لەبەندیخانەکانی (فضیلیە)ی بەغدایو (شیحیات)ی سەر بەناحیەی (البصیە)ی سەحرای سەماوەدا لەحەپسێ دابوون، بە بەردەوامی چاوەڕێ بووین داخوا کەی سەرنگونو زیندەبەچاڵ دەکرێن، دوژمن ئەو کارەی هەمووی بۆ ئەوە بوو (أ. دلزار)و کەسانی هاوهەڵوێستی ئەو بڕوخێنێ.

لەو نامانەدا دەردەکەوێ ئەوانەی خەباتیان کردووە بەتەنها نەبوون و بەتەنهاش باجەکەیان نەداوە، بێ پشتیوانی پتەوی خێزانو کەسوکاریان هەرگیز نەوکارەیان بۆ نەدەکرا. زۆرکەسی تێکۆشەر بەهۆی گوشاری خێزانەکانیانەوە دەستیان لەخەبات هەڵگرت، ئێستاش کەسانی وا هەن گەر شەوێك لەشەوان چەند سەعاتێك لەگەڕانەوە بۆ ماڵێ دوابکەون کەس نییە دەرگایان لێ بکاتەوە، ئەدی دەبێ بەراورد چۆن بێ لەنێوان ئەو جۆرە کەسانەو ئەوەی دوای چواردە ساڵان دەگەڕێتەوەو شەو لەناوێك دەرگای ماڵێ دەلەقێنێ دواتر گوڵباران دەکرێ؟. بێگومان ئەو جۆرە خێزانانە لەدروستبونی پاڵ[illegible]دا بەشداری تەواویان بووە!.

هەرچەندە نەو نامانە تایبەتن بەئێمەوە، بەڵام بەقەڵەمی شاعیرو کەسایەتییەکی ناسراو نووسراون، جگە لەوەی ناوی گەڵی شوێنو خەڵکو کەسایەتیان تێداهاتوون، لەهەندێ شوێندا وەك دیکۆمێنت حسابیان بۆ دەکرێ، بۆیە چاوم لەهەموو تایبەتمەندییەکانیان پۆشی، بەکراوەیی و بەبێ هیچ

Preview sample - page 6 of 7 - Soran University Academic Digital Library

جۆرە دەستکارییەك خستمنە بەردەست. لەتەك ئەو نامانەدا ئەلبومێکی وێنانیشم کردەوە، چونکە ئەم وێنانەش بە زمانێکی ساناو سەرنجڕاکێش هەریەکەو باس لە سەردەمو رۆژگاری خۆیان دەکەنو بابەتی سەربەخۆن. تایبەتمەندیو پێوزیشم لەسەر هەندێ وێنەدا هەڵگرتو لەدۆلاڤانم دەرهێنانو ڕەهام کردن، بەو هیوایەی ئەو ئیشە سەرپێیو بەرێککەوتە کارێکی جوانو ڕچەشکێنی لێ بکەوێتەوە.

ئازاد دڵزار

١٩-١٢-٢٠٠٦

هەولێر- گەڕەکی ڕووناکی

Preview sample - page 7 of 7 - Soran University Academic Digital Library